# داری هیواکان

یۆکۆ ئۆنۆ
لە ئینگلیزییەوە: ئاران حەسەن پوور
(بۆکان)



(١)

هیوایەک بۆ خۆت بخوازە
هیواکە لەسەر لەتە کاغەزێک بنووسەوە
کاغەزەکە دوو قەد بکە و بە تەنزیلێک هەڵیواسە
بە داری هیوایەکەوە.
لە هاوڕێکانت بخوازە
ئەوانیش ئەو کارە بکەن.
ئەوەندە ئاوات و هیوا بۆ دڵی خۆتان بخوازن
تا لقوپۆپی دارەکە
لە بن کۆمای هیواکانتاندا ون دەبێ.

(٢)

تۆ شتێک چاک بکەرەوە
کە شتێک چاک دەکەیەوە،
هاوکات لە نێو ڕۆحیشتدا تۆ شتێک چاک
دەکەیتەوە.
بیر لە زامێکی ژیانت، یاخۆ جیهان بکەرەوە
تکای لێ بکە، بەڵکوو ئەویش چاک بێتەوە
ئەو کاتەی وا تۆ شتێک چاک دەکەیتەوە.

(٣)

خەیاڵی خۆت بە گوێی بادا بچرپێنە
داوای لێ بکە قەت لە بیری نەچێتەوە.

(٤)

بەڵێنێک بە دارێک بدە
داوای لێ بکە
ئەویش بەڵێن بە دارەکانی تر بدا

(٥)

ئاوات و هیواکانی خۆت
بچرپێنه بە گوێی بادا
داوای لێ بکە
تاکوو لەگەڵ خۆیدا بیبات هەتاکوو تا ئەوپەڕی
جیهان.

(٦)

تەواوی ئەو کارانەی وا
دەخوازی ئەنجامیان بدەی
لە سەر کاغەز بیاننووسەوە
تکا لە خەڵکانیش بکە
هەمان ئەو کارانە بکەن،
پاشان بە ڕێی خۆتدا بڕۆ.
هەر دڵخۆش بەو
بۆ ساتێکیش دەست هەڵمەگرە
لە دیلان و سەماکردن.

یۆکۆ ئۆنۆ، هونەرمەندێکی ئاوانگاردە و لە ساڵی (١٩٣٣ز) لە یابان لە دایک بووە. یۆکۆ ئۆنۆ بە یەکێک لە دامەزرێنەران و پێشەنگەکانی بزووتنەوەی هونەری فلۆکسۆس دەژمێردرێت. لەگەڵ ئەوەشدا چالاکێکی مەدەنی و سیاسییە و لە کاری فیلمسازی دەستێکی باڵای هەیە. یۆکۆنۆ پاش ئەوەی دوو جاران ژیانە هاوبەشەکەی لێک هەڵدەوەشێ، لەگەڵ (جان لینۆن) ئاشنا دەبێ و ژیانی هاوبەشی لەگەڵ پێکدێنێ. یۆکۆ ئۆنۆ پێش ئەوەی لەگەڵ جان لینۆن زەماوەند بکات، نێوی لە کۆمەڵگەی هونەری دەرکردبوو. لە ساڵەکانی دەیەی (١٩٦٠ز) لە نێوان هونەرمەندان و چالاکوانانی ئاشتی و مافی مرۆڤ، نێوێکی ناسراو بوو.

دەستپێکی ژیانی هاوبەشی لەگەڵ جان لینۆن بوو بە هۆی ئەوەی کە هەردووکیان تا ڕادەیەکی بەرچاو بەرەو کارە هونەرییەکان هەنگاو بنێن و لەو ماوەیەی کە پێکەوە بوون، بەرهەمی باشیان خوڵقاند. ساڵی (١٩٧٠ز) ئۆنۆ و لینۆن دوو نەمامی بەڕووی ئاشتییان لە حەوشەی کڵێسای گشتی شاری کاونتری چاند، پاشان بە ڕوویان بۆ سەرکردە سیاسییەکانیش نارد و داوایان لێ کردن ئەوانیش دەست بە چاندنی دار بەڕوو بکەن.

ئەم شیعرانەی سەرەوە لە کتێبی بەڕوو (Acorn) هەڵبژێردراون، کتێبی بەڕوو یەکێک لە بەرهەمە باشەکانی ئەو شاعیرەیە.

**سەرچاوە:**

Acorn, yoko ono, 2013, london.